# Knowledge Press نۆڵج پرێس

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری مانگانەیە سەرۆکایەتی زانکۆی نۆڵج دەریدەکات

سالی یەکەم، بەرگی (١)، ژمارە (١)، ئەیلول ٢٠٢٤ https://www.knu.edu.iq

خاوەنی ئیمتیاز: پ.د.ئەحمەد دزەیی سەرنوسەر: د. مەحمەد عەزیز سەعید




## پەیامی سەرۆکی دەستەی ئەمینداران بە بۆنەی سالی نوێی خوێندن ٢٠٢٤-٢٠٢٥.

بەبۆنەی دەستپێکی سالی نوێی خوێندن ڕێزدار دەشتی حاجی نەجمەدین پەیامێکی ئاراستەی ئەنجومەنی زانکۆ و سەرۆک بەشەکان و مامۆستایان و فەرمانبەران و گشت قوتابیان و خوێندکاران کرد. ئەمەش دەقەکەیەتی.

**پیرۆزبایی سالی نوێ**

بەناوی خوای گەورە.

بەناوی سەرۆکی دەستەی ئەمینداران و سەرۆکایەتی زانکۆی نۆڵجەوە، ئەوپەڕی پیرۆزبایی ئاراستەی ستافی مامۆستایان، فەرمانبەران و قوتابییان دەکەم بەبۆنەی دەستپێکردنی سالی نوێی خوێندنی ئەکادیمی 2024/2025، خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە لە نێو کەمپەسی زانکۆی نۆڵج پێشوازیتان لێ ئەکەم، هیوادارم سالی نوێی خوێندن ساڵێکی پڕ لە سەرکەوتن و دەستکەوت بێت.

دەشتی حاجی نجم الدین

سەرۆکی دەستەی ئەمیندارانی زانکۆی نۆڵج

---

## دەستکەوتەکانی زانکۆ:

زانکۆی نۆڵج، توانی لەو چەند ساڵەی ڕابردوو زیاد لە 5000 دەرچووی کارامە و لێهاتوو پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات، دیارە ئەویش بە هەوڵ و ماندووبوونی ستافێکی گەورەی زانستی کە چەندین ساڵ بوو شەو و ڕۆژیان لەسەر یەك دانابوو، لەدەرئەنجامدا زانکۆمان بووەتە نموونەیەکی پێشکەوتووی زانکۆکانی ناوچەکە لەرووی (باڵەخانە مۆدێرنەکان، ڕووبەری سەوزەیی فراوان، کەشوهەوایەکی تەندرووست، ستافی ئەکادیمی و کارگێری دڵسۆز) کە ژینگەیەکی وەها قەشەنگ بۆ قوتابیان دەخولقێنێ تا بتوانن پەرە بە توانا و بەهرە زانستی و مەعریفییەکانیان بدەن.

---

زانکۆی نۆڵج بناسە:

زانکۆی نۆڵج بە فەرمانی وەزاری ژمارە ١٥٢٦٨\٦ لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٩ لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردوستان دامەزراوە.



## پەیامی سەرۆکی زانکۆ بە بۆنەی سالی نوێی خوێندن ٢٠٢٤-٢٠٢٥.

بەبۆنەی دەستپێکی سالی نوێی خوێندن ڕێزدار پ.د.ئەحمەد دزەیی پەیامێکی ئاراستەی دەستەی ئەمینداران و ئەنجومەنی زانکۆ و سەرۆک بەشەکان و مامۆستایان و فەرمانبەران و گشت قوتابیان و خوێندکاران کرد. ئەمەش دەقەکەیەتی.

سڵاو و ڕێز...

بەو بۆنەیەوە، بەناوی خۆم و سەرۆکی دەستەی ئەمینداران و ئەنجوومەنی زانکۆ، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم مامۆستایان و کارمەندان دەکەم بەبۆنەی هاتنی سالی نوێی خوێندنی 2024 – 2025 و هیواخوازین ئەمساڵیش وەك ساڵانی پێشوو، زانکۆی نۆڵج لە پێشکەوتنی بەردەوامدا بێت.

وە هەروەها، دەمەوێت مژدەی کردنەوەی کۆمەڵێک بەشی تەکنیکی پێشکەوتووی وەک (سڕکردن ، چارەسەری سروشتی ، وێنەگرتنی پزیشکی ، دروستکردنی ددان ، ژیری دەستکرد ، ئاسایشی ئەلەکترۆنی و ئەندازیاری تەکنیکی پاڵاوتنی نەوت و گاز) ڕابگەیەنم لەزانکۆکەمان و، پشت بەخوا لە ڕۆژانی داهاتوو هەواڵی کردنەوەی کۆی بەشەکان و چەند بەشێکی دیکەش لەگەڵ تەواوی ڕێنماییەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمانەوە ڕادەگەیەنین.

بەهیوای ساڵێکی پڕ دەستکەوت و سەرکەوتن.

لەگەڵ ڕێزدا.

**پ.د. احمد انور دزەیی - سەرۆکی زانکۆی نۆڵج**

---

لە ئینگلیزیەوە:

خەڵک بەردت تێدەگرێ. بەردەکانیان تێمەگرەوە. بەردەکان کۆ بکەوە. وڵاتیان پێدروستبکە.

---

مایکرۆبایۆلۆجی پزیشکی

زانستی کۆمپیوتەر

تەکنیکی سڕکردن

چارەسەری سروشتی


Knowledge press is a monthly cultural bulletin issued by the president office of Knowledge University-Erbil. For more information, email to: international.relations@knu.edu.iq. ناونیشان: ڕێگای کرکوک پشت شوقەکانی ئاسودە سیتی

کامپەسی زانکۆی نۆلّج لە سەر پانتایی ڕووبەری ٤٨٠ هکتار واتا( ١٩٢٠ ) دۆنم دروستکراوە ئەویش دەکاتە چوار ملیۆن و هەشت سەد هەزار مەترە دووجا. نزیکەی لە ٧٥% ی ڕووبەری زانکۆ سەوزایی و باغ و باغاتە و کەش و هەوایەکی بێگەرد دڵ دە فڕێنێ.

زانکۆی نۆلّج کەوتۆتە سەر ڕێگای کەرکوک پشت شووقەکانی ئاسوودە سیتی.

لە ئێستادا زیاتر لە ١٠٠ مامۆستای پسپۆڕ و خاوەنبڕوانامەی بەرزو ئەزموندار بەشداریدەکەن لە پڕۆسەی وانە وتنەوەو توێژینەوە لەسەر بنەمای پڕۆسەی بۆلۆنا و سیستەمی ئی سی تی ئێس. زیاتۆ لە ٨٠ کارمەندی کوڕو کچ کاری ڕۆژانە ڕادەپەڕێنن.

جگە لە قۆناغی یەکەم نزیکەی ٢٧٠٠ قوتابی کوڕو کچ نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە بەشەکانی زانکۆی نۆلّج درێژە بە خوێندنیان دەدەن بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشەکانی زانکۆ.

---

پێکهاتەی زانکۆی نۆلّج:

زانکۆی نۆلّج لە هەشت کۆلێژ پێکهاتووە، بریتین لە کۆلێژەکانی پزیشکی ددان، دەرمانسازی، ئەندازیاری، پەرستاری، زانست، یاسا، پەروەردە، لەگەڵ زانستەکانی کارگێڕی و دارایی.

ئەو کۆلێژانە بەیەکەوە ٢٢ بەشی زانستی و وێژەیی لە خۆیاندەگرن، کە بریتین لە

پزیشکی ددان
دەرمانسازی
ئەندازیاری نەوت
ئەندازیاری کۆمپیوتەر
ئەندازیاری ژینگە
**پەرستاری**
زانستی تاقیگەی پزیشکی
تەکنیکەکانی وێنەگرتنی پزیشکی
تەکنۆلۆجیای دروستکردنی ددان
تەکنیکەکانی ژیری دەستکرد
تەکنیکەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی
یاسا
پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان
زمانی ئینگلیزی
کارگێڕی کار
ژمێریاری
زانستی دارایی و بانک
بازاڕگەری

---

**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:**

ئەم بەڕێوبەرایەتیە سەر بە نوسینگەی سەرۆکی زانکۆیە و لە ٢٠٢٤\٧\١ وە دامەزراوە. گرنگترین چالاکیەکانی بریتین لە بەستنی پەیوەندی ئەکادیمی لە گەڵ دام و دەزگاکانی خوێندن لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم. ئاڵ و گۆڕکردنی قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و دابینکردنی هەلی خوێندنی باڵا بۆ دەرچوانی زانکۆمان و خوێندنی پۆست دکتۆرا بۆ مامۆستاکان لە دەرەوەی وڵات. هێنانی پرۆژەی تایبەت بە پەرەپێدانی تواناکان و بابەتەکانی خوێندن بۆ هەموو بەشەکانی سەربەزانکۆمان و بە تایبەت پڕۆژەی ئیراسمۆس پڵەس ئەرکی پیرۆزی سەرشانمانە. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیمان پێوە بکەن.

---

**بانگەواز: داوا لە گشت مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان دەکەین بابەتی بڵاوکردنەوەیان بنێرن بۆمان. بەمەرجێک لە ١٥ دێڕ زیاتر نەبێ و وێنەیەکی خۆتی لە گەڵ دابنێ.**